# بۆ- هه رکه‌سێک ژیانی مرۆڤاییه‌تی لامه‌به‌سته‌!

دیاره وه‌ک له به‌شه‌کانی پێشووی ئه‌م بابه‌ته‌دا باسمان له پێناسه‌و هۆکاروچۆنییێتی سه‌رهه‌ڵدانی نه‌خۆشی(که‌م خوێنی ثالاسیما )کرد. وه هه‌روه‌ها ده‌رئه‌نجامه سلبییه‌کانی ئه‌و جۆره چاره‌سه‌رییه‌ی یاخود ئه‌و عیلاجه‌ی که نه‌خۆش وه‌ری ده‌گرێت له کوردستان و عێراق،که ئه‌وه‌ش ته‌نها خوێن پێدانه(خوێن بۆ هه‌ڵواسین)بۆ نه‌خۆشه‌که له گه‌ڵ ڕێژه‌یه‌کی که‌م له ده‌رمانی ده‌رزی دیسفراڵ .له وڵاتی ئێمه هه‌رکه نیشانه‌ی نه‌خۆشی که‌م خوێنی له ڕوخساری که‌سێک ده‌رکه‌وت خێرا په‌نا ده‌برێته به‌ر بواری خوێن تێکردن.که ئه‌وه‌ش هه‌ڵه‌یه چونکه نه‌خۆشی که‌م خوێنی جۆری زۆره. خوێن تێکردن ده‌بێ پاش شیکاری ڕاست و دروست و ته واودڵنیا بوون له ده‌رکه‌وتنی که‌م خوێنییه‌که ئه‌نجام بدرێت. واتا ده‌بێ خوێن تێکردن بۆدوا قۆناغ دابنرێ! چونکه نه‌خۆشی ثالاسیما ده‌بێ به دیقه‌ته‌وه‌و به به‌کارهێنانی ئامێری ڕێکخه‌ری خوێنی بۆ هه‌ڵبواسرێ. گه‌ر وانه‌بێ کاریگه‌ری سلبی له‌سه‌ر ئه‌ندامه‌کانی له‌ش جێ ده‌هێڵێ.

وه‌ک له به‌شه‌کانی پێشوو باسمان کرد،دیکۆری ئینسانه‌که تێک ده‌چێت.خوێن تێکردن بۆ که‌سێکی شکسته یان هه‌رجۆرێکی تری که‌م خوێنی ڕه‌نگه ئه‌و ئیلتیزامه‌ته‌ی پێویست نه‌بێ. چوونکه بۆ نموونه که‌سێکی بریندار بوو که پێویستی به خوێن ده‌بێ، پێویستی به هه‌موو پێکهاته‌کانی خوێنه.ئه‌وه‌تا ده‌بینین ته‌واو خوێنه‌که‌ی بۆ ده‌جوڵێنن(ده‌شه‌ڵه‌قێنن)بۆ ئه‌وه‌ی هه‌مووپێکهاته‌کانی(پلازما- هیمۆگلۆبین و هتد.....)تێکڕا بچنه جه‌سته‌ی نه‌خۆشه‌که‌وه.. به‌ڵام بۆ که‌سی تووش بوو به ثالاسیما ده‌بێ لێگه‌ڕێن تا هه‌رچی مادده‌ی پلازماکه هه یه له ناو ئه‌و کیسه خوێنه‌دا بنیشێ وخوێنه‌که‌ش گه‌رم بێته‌وه ئینجا بکرێته نه‌خۆشه‌که‌وه.نه‌خۆشه‌که‌ش ته‌نها پێویستی به *هیمۆگلۆبین* هه یه.واتا له یه‌ک کیسی خوێن تاڕاده‌یه‌ک نیوه‌ی به کاردێت.ده‌بێ نیوه‌که‌ی تری که به‌شه پلازماکه‌یه فڕێ بدرێت.ئه‌م پێویستی به خرۆکه‌ی سپی نابێ!که ئه‌وه‌ش لای ئێمه(کوردستان و عیراق)ئه‌و عه‌مه‌لییه زۆر به‌که‌می یان هه‌ر ناکرێت.چونکه‌ئه‌و کاره پێویستی به ئامێری خۆی هه‌یه که پێی ده‌وترێ:ئامێری جیاکردنه‌وه‌ی پێکهاته‌کانی خوێن: Blood sparation equipment/Blood separator componenf..له‌گه‌ڵ Blood Warmer واتا ئامێری گه‌رم کردن و ڕێکخه‌ری تێکردنی خوێن.که ئه‌وه‌ش زۆر گرنگه.



هه‌روه‌ها خوێن تێکردنه‌که‌ش ده‌بێ به‌ڕێگای ئه‌و ئامێره‌وه بێت که له وێنه‌ی ئه‌و منداڵه‌دا دیاره.

ئێستا ئه‌و منداڵه‌ی له وێنه‌که‌دا دیاره له یه‌کێک له نه‌خۆشخانه‌کانی سوێد تا کاتی مه‌وعیدی نه‌شته‌رگه‌ری(زرع مۆخ)ه‌که‌ی که به‌و زوانه قه‌راره بکرێت تا! ئه‌و کاته ده‌بێت به‌وجۆره عیلاج وه‌ربگرێ....

لە لایەکی ترەوە دەبێت نەخۆش بە پێی: تەمەن- کێش- ڕادەی دابەزینی خوێن، خوێنی بدرێتێ.
نابێت کەسێک تەمەنی 7حەوت ساڵە و یەکێکی تر 12دوازدە ساڵ هەمان ڕێژە وەربگرێ.
بۆ نموونە: من منداڵەکەم لە کوردستان تەمەنی 6-7ساڵان بوو یەک کیس ی تەواو کە (450)سی سی خوێنە بە بێ هیچ شیکارێکی دروست دەیان دایە. بەڵام ئێستا لە سوێد تەمەنی لە سەرووی 10دە ساڵانەو تەنها (350)سی سی خوێنی بۆ هەڵدەواسن!دەڵێن بۆ دڵی خراپە.
ئەوەی شیاوی باسیشە یەکێک لە هۆکارەکانی دواخستنی نەشتەرگەری(زرع)ە کەشی ئەوەیە کە لە کوردستان بە شێوەیەکی هەڵەو نا زانستیانە خوێنی تێکراوە!!!!!؟.
یەکێکی تر لە هەڵەی دکتۆترەکانی لای ئێمە ئەوەیە ڕێنمایی نەخۆشەکە دەکەن بۆ خواردنی ئەو خواردەمەنیانەی کە پێکهاتەی ئاسن ی تیایە.وەک(جگەر- پەتاتە- هێلکە- تەماتە- کرەوز )گوایە بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی خوێن باشە.ئەوەیان ڕاستە، بەڵام ئەو جۆرە خۆراکانە لە بەرئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە ئاسن ی تیایەو تووش بووی ثالاسیما ش بۆ خۆی ئاسنی بەرزە،واتا(تکاثرألحدید)ی هەیە،بە هیچ جۆرێ نابێت ئەو جۆرە خواردنانە بەزۆی بخوات.ئەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە کەم خوێنی یە بەهیچ شتێک خوێنی بەرزنابێتەوە تەنها بەخوێن پێدان نەبێ!خواردن هیچ ڕۆڵی لە چاکبوونەوەو بەرزبوونەوەی خوێن یان نیە.چۆن ئۆتۆمبیل بەردەوام بە بەنزین دەجولێ، ئەو نەخۆشانەش بەردەوام بە خوێنی ئەم و ئەودەجولێن!
گەرلەگەڵ خوێن تێکردنیدا و دوای ئەوەش ئامپولی دیسفیراڵی بۆ بەکار نەهێنرێ،بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی ئاسن لە لەشیدا بەرزدەبێتەوە.لە کاتی خوێن تێکردن ودواتریش 1000mg هەموو شەوێک بەردەوام 1000mgلە ئامپولی دیسفراڵ دەبێ بەکار بهێنێت لە ڕێگای پەمپی تایبەتی و تەنهاش لە دەورو بەری ناوک دەدرێت.!!!چونکە ئەو دەرزیە نە لە قوڵ و نەلە سمت سوود بە نەخۆشەکە ناگەیەنێت.بەداخەوە تائیستاش لە کوردستان بەزۆری وای بەکاردێنن.!!!!!
بۆ ئەوەی بەر لە تەشەنە سەندنی ئەم نەخۆشی یە بگیرێ. بۆ ئەوەی کەسی تووش بوو بەم نەخۆشی یە لە مردن ڕزگار بکرێت.بۆ ئەوەی باری دەروونی وژیانی کەس وکاریان باش بکرێت. پێویستە حکومەتی هەرێم و کاربەدەستان و لایەنی بەرپرس کە، لێپرسراون بەرامبەرژیان و گوزەرانی خەڵک،بەتایبەت وەزارەتی تەندروستی،داواکارم :-
1- بە پەلە کار بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەی تایبەت بەو بوارە لەکوردستان دا بکرێتەوە.
بە تایبەت لە شوێنە جیاجیاکانی وەکووکەلار/ ڕانییە/ هەڵەبجە،چونکە ئەوشارانە هەریەکە و سەنتەری دەڤەرێکی بەرفراوانە.
2- بۆ حکومەتەکەی ئەولاش هاوشێوەیەکی لەوبابەتە.
3-کڕین و دابین کردنی ئەو کالاو شمەکە تەندروستییانەی کە تایبەتن بۆ چارەسەری

ثالاسیما
وەکو: A-تاقیگەی پێشکەوتوو تایبەت بەو بوارە،وەک لەوشێوەی لە ئۆروپاهەیە.
B- بۆهە ر نەخۆشێک یەک جیهازی(IVAC Pump)دابەزینی ڕێژەی ئاسن لە لەش دا.
C - دابین کردنی ئامێری خوێن هەڵواسین وەک لەو وێنە دا دیارە بۆ ئەو منالە دانراوە.
D-دابین کردنی ئامێری(Blood sparation equipment/Blood componenf separator)
واتا ئامێری جیاکردنەوەی(مادده)پێکهاتەکانی ناو خوێن.
E-دابین کردنی ئامێری(Blood Warmer) ڕێکخەری تێکردنی خوێن وگەرم کردنی.
F-ئامێرو دەرمانی پشکنینی خوێن(HB electrophoteses or HB variant ).
G-ئامێرو دەرمانی پشکنین و دیاری کردنی ڕێژەی ئاسن Total Serum Iron /Iron Foinding
ئەوە بۆئەوەیە تا لەرێگای ئەوئامێرەوەپشکنین بۆ ڕێژەی ئاسن لە جەستەی نەخۆشدا ئەنجام بدرێ
لە بەرئەوەی مادام نە خۆشەکە بەردەوام خوێن وەردەگرێ،رێژریرکی زۆریش لە ئاسن لە لەشدا
دەنیشێت و دەبێتە هۆی لاواز بوونی دڵ-جگەر-گورچیلە-سپڵ و دەرەنجام لە کارکەوتنیشیان!.جا بۆ
کەم کردنەوەو دابەزینی ئەو ئاسنە پێویستی بە زیاد بەکارهێنانی دیسفراڵە.هەرچەند ئاسنی نیشتوو
لە دڵ وجگەر بە ئاسانی دانابەزێت.!؟واتا دەبێت پێش وەخت مشووری بۆ بخورێت.

- با ئەوەشمان لە بیرنەچێت و بۆ مێژوو باسی لێوە بکەین،لە ساڵی 1995-1996داو لە سەردەمی حکومڕانی بەڕێزکۆسرەت ڕەسول عەلی کە ئەودەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حوکومەتی یەکگرتوو بوو بەپێ ی توانای خۆی هاوکاری یەکی باشی تووش بووانی ثالاسیما و کەس وکاریانی کردو بە هاوکاری بەرێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کۆمەڵەیەکیان بۆئەم نەخۆشانە دروست کردوناویکۆمەڵەی ثالاسیمای کوردستانی لێنراو مەرکەزی سەرەکی لە هە ولێر دانرا.ئەم کۆمەڵە هەر لە ڕێگای هێرۆ خانەوە بە ڕێکخراویئیکلیوبەری فەرەنسا ناسرا.ئەم ڕێکخراوە توانی ڕێژەیەکی باش خۆراک و یارمەتی مادديش بە کۆمەلەکەبگەیەنێت.بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاندو پێش ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە لە سەرپێی خۆی ڕاوەستێ،بۆ خزمەتی لێقەوماوانی ئەو نەخۆشییە.چونکە وەعدی زۆرشتی باشیان دابوو،بەڵام شەڕی ناوخۆو31ی ئاب ئەوکارەشی کۆرپە کردەوەو بەشێک لە ڕێسەکانی کردەوەبەخوری!
چونکە بە ڕوداوەکانی 31ی ئاب ڕێکخراوەکەش بارگەو بنەی خۆی پێچایەوەو لە بەر ئاڵۆز بوونی وەزعەکەو نەبوونی ئەمنیەت بە تەواوی کوردستانیان بەجێ هێشت.!!!!!
جارێکی ترو پاش گەردەلوولی تۆڵە لە ساڵی 1997کۆمەڵەکە لە سلێمانی دامەزرایەوەو بەڕێز فەرەیدون فەرەج بە سەرۆکی کۆمەلە=کۆمەڵەی ثالاسیمای کوردستان هەڵبژێردرا.ئەوەی شیاوی باسە بەڕێزان کاک کۆسرەت و هێرۆ خان دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامی فەخری بوون. بەڵام ئەو پشتیوانییەی سەرەتای نەما ! ڕێکخراوە فەرەنسییەکەش(ئیکلیوبێر)ئەو

پەیمانانەی دای بوو لێ ی سارد بووەو جێ بە جێ ی نەکردن.!واتا شەڕی نێو خۆ زیانی بەو نەخۆشانە(تووشبوانی ثالاسیما)ش گەیاند.بەڵام لە ساڵی 1997ەوە ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی(WFP )ئەرکێکی باشی لە کۆڵ حکومەت کردەوەو بڕی ئازوقەی پێویستی بۆ کۆمەڵەکە دابین کرد،تا بەو کەسانە بدرێت کە خوێن دەدەنە نەخۆشەکان. هە ندێکیش بۆ خودی نەخۆشەکە کە لەڕێگای ئەو کۆمەڵەوە بەڕێوەدەبرا.ئەمە تاڕادەیەک ئافاقەیەک بوو بۆ کەس وکاری نەخۆشەکان،لەو سەردەمە تا ڵ و نەهامەتییەی(گەمارۆی ئابووری)یەدا.بەڵام بە مروری زەمەن ئەو پشتیوانیانەش کەمەوە بوو.تا دەهات نەخۆشییەکەش لە پەرەسە ندن دا بوو.ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆش زیاتر دەبوو خوێن و خوێن دەر کەم.! چونکە بانکی خوێن بەردەوام دەبوو یەدەکێک(أحتیات) بۆ برینداراني شەڕو ڕوداوەکانی تر بکات!.

هە ر لەو سە روبە ندە دا، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(W H P)لە بواری دەواو دەرماندا کۆمەکێکی باشی نەخۆشخانە ی منالآنی سلێمانی و هەولێری کرد بە دابین کردنی چەندین وەجبە لە ئامپولّی دیسفراڵ.لە گەڵ چەند دانە پە مپێک لە هاوشێوەی(ئیڤاک پومپ IvacPump)بەڵام هێندە کەم بوون هەر بۆ ئەوە باش بوو لە پێشانگایان دابنێی؟! بۆ نموونە بۆ نزیکە ی 350نەخۆشێک تەنها 5تا 6دانەیەک لەوپەمپەهەبوو کە قەت بەر فەقیروبێ ڕوو نەدەکەوت!..

ئەگەرچی هەموو ئەو کۆمەک و هاوکارییانە کەم تا زۆر کراون+ چەند هەزار دۆلارێکی سکرتاریەتی بەرز مام جەلال بۆ کۆمەڵەی ثالاسیما وهەروەها+ ئەویارمەتییەی کە لە لایەن بەڕێزدکتۆر بەرهەم ساڵەح ەوە وەکو مووچە بۆ ئەو نەخۆشانە بڕاوەتەوە شیاوی تەقدیرن. بەڵام نەک هە موو شتێک نین،بگرە وەکوو دڵۆپێکە لە دەریایەک!؟. چونکە موعاناتی ئەو نەخۆشییانە زۆر لەوە گەورەترو زیاترە.گەورەترین سەرمایەکەیان گیانیانە لە مەترسی و بەردەم هە ڕەشەی مەرگ دایە... ڕاستە بۆ ئەم قۆناغە ناتوانرێ لەکوردستان چارەسەرە تا هەتایی وبنەڕەتییەکە بکرێت. بەڵام خۆ دەتوانرێت ئەو پێداویستییە هە نووکەییانە دابین بکرێ.!

بۆیە جارێکی ترتکا دەکەم و داواکارم غەمێک لە چارەنووسی تووش بوانی نەخۆشی کەم خوێنی فقرألدم من بحرألأبیض ألمتوسط(ثالاسیما )بخورێت...خۆ ئەو زەمەنە بەسەرچوو بڵێین(گەمارۆی ئابوریمان لە سەرە-- پارە نیە--شەڕە-- دوژمنی سەرەکی لێناگەرێ حکومەت ساوایە-- ئمکانییەت مەحدوودە!؟ ئەمرۆ: 1-لە کوردستان پارە زۆرەو توانا کراوەیە،گەرکاری پێ بکرێ؟.2- جاران دەوترا ڕێگای دەرەوە نیە، ئێستا هەردوو ئیدارە فرۆکە خانەی هە یە!

جاران چەندیین حەسارمان لەسەر بوو، ئێستا سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هە رێم مان هەیە!

جاران لەدەوروبەردەترساین،ئێستا بە لێشاو داوەتنامە بۆ سەرکردەو لێپرسراوان دێت!؟

ئەو پێداویستیانەی من نوسیومە بۆ حکومەت یەک دڵۆپە ئاوە لە سیروان!!!!

نەک دەتوانرێت ئەو شتانە جێ بە جێ بکرێت، بەڵکوو ئیمکانییەت هە یە هە ر هە موو

تووش بووانی ثالاسیما بە یەک وەجبەو بەیەک رۆژ و بە یەک فرۆکە لە کوردستانەوە بگەیەنرێنە ئۆروپا.؟!! تۆ بڵێ ی حوکومەتەکەمان ئەو پیاوەتییەی لە دەست بێت و مێژوویەک لە پێناو مرۆڤایەتییدا بۆ لێپرسراوانی دروست بکات؟؟!.. چاوەڕوانی هیمەتی مرۆڤ دۆستانین...

-لە کۆتاییدا پێویستە سوپاسی ئەرک وماندوو بوونی بەڕێز دکتۆرشێرکۆ عەبدوولا بکەم کە لە خزمەت کردنی منالانی ثالاسیما دەوری بووە. هە روەها زۆر سوپاس بۆ کاک مستەفاو کاک فەرەیدوون هە ردوو سەرۆکی کۆن و نوێ ی کۆمەڵەی ثالاسیما کە سەرباری ئەوەی بۆ بۆ خۆیشیان منداڵی نەخۆشی لەو جۆرەیان هە بووە،لە گەڵ ئەوەش توانیویانە زۆر جار دەنگی ئەم نەخۆشانەیان لە ڕێگای کۆمەڵەکەیانەوە بە لایەنە بەرپرس وخێرخواکان گەیاندووە.

جگە لەوەش بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتە بە زانیارییەکانیان هاوکاری منیان کرد.

دووبارە زۆر سوپاسی بێ پایان بۆ هە موو ئەو کەس و لایەنانەی لەم بوارە هاوکاربوون.زۆر سوپاس بۆ ئەو کەسەی گیانی مرۆڤایەتی لا مەبەستە!

باوکی کارۆ/ سوێد
lashkr10@hotmail.com